## بەهەشتی زیندان

## راپەرین و .. دوای راپەرین.!

شێرزاد هەینی، لە سویدەوە دەینوسیٚ
heinisherzad@hotmail.com

راپەرین، رۆژو مانگ و سەردەم و کاتی، چەژن و سەرکەوتن و یادو تۆلەو وەچەرخانێکی پرشنگداربوو لە دیرۆکی نویٚ ولات و میللەتەکەمان. زۆرمان لەسەر یادو رۆژانەی تۆمارکرد، با ئەو چەند دێرەش بۆ پاش راپەرین، پاش روداوو و گۆڕانەکان، پاش سەرکەوتنەکان، پاش ئاشتبوونەوەو هاوبیری و هاودەنگی و یەکرێزی بنوسینەوە.

یەکێك وتی، لە ئەسینا سواربووم، کە دابەزیم و دوورکەوتمەوەو زمانم گەڕا، تلفۆنم کرد، بۆم روونبۆوە، من لەناو خاکی ئیتالیا نیم، وەك بەبەرنامەو هەنگاوو کاروان بۆی هاتبووم. خۆم لەناو ولاتی سلۆفاکییا دۆزییەوە، کە خۆم پێیان ناساندو لە رێگای دەربازبوون و تەواوکردنی کاروانەکە گەڕام، هەفتەیەکی خایاند...!!

شارێك گێرایەوەو وتی، بۆ نان و مووچە، سەدان کەس، خێزانی زۆر، جوبەو سەرپۆشیان پۆشی، ناوی کوردی منالیان گۆڕی. هەر بۆ نان و مووچەو چەند کیلۆ ئاردو سەفەرو دامەزراندن، رێژەی تورکمان هەر لە زیادبون بوو.

فەرمانبەرەکان، یەك دەنگ وتیان، سەری بەرزمان بۆ مووچە نەوی ناکەین، کە مووچەو پارەش زۆربوو، کەمیان بەرکەوت. گواسترانەوە، کرانە حزبی، بۆ ژیان و گوزەران ماڵ و کەرەستەکانیان فرۆشت.!

گوندەکان, بەهاوکاری رێکخراوەکان و دەست و هیمەتی بیٚ وچانی جوتیارە هەمیشە ماندووەکان، ئاوەدان وجوان و سەوز کرانەوە. خوێندنیان تێدا بەردەوامەو ئاویان پاك و ژینگە خاوێن و ئارام دەژین.

پیرەر، ئەو گوندەی خنجیلانەی دەشتی کۆیە، لەسەرەتای شۆرشەوە، لە هەموو هێرشەکانا، مەلبەندو بارەگاو پێگەو کاروانی خەبات و قوربانی بووە ..!! گوندێکی بچوك، دوورە ریٚ، بەڵام لانکەی شۆرش و خەبات و جڤات و کۆبونەوە بووە. وا ئیمرۆ، پاش راپەرین، لە ئاقاری ئەو گوندەدا، دوو گومرگ و دوو حکومەت و دوو دەستەڵات، سوودی لێوەردەگرن و ئەویش بەشی ناکەوێت ..!! ئەو تەنیا لە ژان و سوتان و ناندانی هەموو شەوەکان و نوستنی ناو مزگەوتەکەی بەشی هەبووە. پاش قوربانی و راپەرین، بووە سنووری دوو پارچە، لە گوندێکی لاچەپا، لە هەوارێکی جووتیارانەو پەرێزو خەرمان و شونکارە، بووە تابلۆی ئاشتی و ناوی رۆژنامەو باس و هەوالی ئاشتی، سەدجارو زۆرتر ناوی دێت، کە زۆریش ناوی هات، ناوەکەی ناشیرین بوو.

پاش راپەرین، ناوەکەی نامۆو ناویست بوو، لەسەر خاکی ئەودا، کورد داوای ناسنامە لە کوردی هاوزمان و هاوسەنگەرو هاوناوو ناسیار دەکات...!! لەسەر خاڵی سنووری " پیرەر " وەسلی گومرگ و ناوی ناو لیستەو قەدەغەو بڤەو ...... دێتە گۆریٚ. وەفد و بێگانەو مێوانی تێدا دەگۆردرێتەوە..!!

زۆر ماوە پاش راپەرین ببینن، بەرنامەکەی کەمی جێبەجێبووە ..!!

راپەرین زۆری ووت، کەم هاتەدی، زۆری بۆ دارێژراو کەمی لەو نەخشانە سابات و ئاوەدانی لەسەر بنیاتنرا ..!!

یەکەم هەنگاوی رۆژانی راپەرین هاتیتە دی، چاوەروانن ئەوانەی راپەرین، بەتەمان ئەوانەی سبیەنێش رادەپەرن، تەواوی بەرنامەکەی بێتە دی..!